# دەمارگیری نەتەوایەتی

✍: د. محمد أحمد گەزنەیی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان

بەشی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

## باسی سێیەم: دەمارگیری حیزبایەتی:

حیزبایەتی: بریتییە لەوەی کە کۆمەڵە کەسێك ڕێککەون لەسەر وەرگرتنی دەسەڵاتێك بۆ پیادە کردنی ئامانجێکی نەتەوایەتی یا ئابوری یا کۆمەڵایەتی یا هەمووی بەیەکەوە.

جا ئەگەر حیزبایەتییەکە لەسەر بنەمای ئامانجەکە بوو ئەوا حیزبەکە زۆر فراوان دەبێ و خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە بە گوێرەی قەوارەی ئامانجەکەی، بەڵام ئەگەر حیزبەکە مەرج بکات کە خەڵکەکە لەسەر ئامانجەکەیشی ڕێك بن و لەسەر ئامرازو هۆیەکانی پیادە کردنی ئامانجەکەیشی ڕێك بن ئەوە خەڵکەکەی کەمتر دەبێت، چونکە لەوانەیە زۆر کەس ئامانجەکەی پێ باش بێ بەڵام هۆو ئامرازەکانی پیادە کردنی بەلاوە باش نەبێت، هەروەها لەوانەیە هەندێ حیزب مەرجی هەبێت بۆ ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك، ئەوەش دەبێتە تایبەتمەندی بۆحیزبەکە بەو جۆرە هەندێ حیزب شتی تایبەتمەندیان زۆرەو هەندێکیان شتی تایبەتمەندیان کەمە، جا هەر حیزبێ شتی تایبەتمەندی زۆر بێت قەوارەی تەسك دەبێتەوە، وەهەر حیزبێ شتی تایبەتمەندی کەم بێ قەوارەی بەرین و گەورە دەبێت، ئەوەش بەهۆی داب و نەریت و پلەی هۆشیاری ئەو کۆمەڵگایە دەگۆڕێ کەسەر بەحیزبەکەن.

بۆ نمونە کۆمەڵگای ژیرو پێشکەوتوو حیزبەکانیان بەس ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی ڕادەگەیەنێ، خەڵك لەسەر ڕۆشنایی ئەو ئامانجە دەنگی پێ دەداتو حوکمڕانی وەردەگرێت، جا ئەو کەسەی حوکمڕانی وەرگرت پێویستە لەسەری هۆو ئامراز دابنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکان، ئەگەر توانی جێبەجێی بکات جارێکی تریش دەنگی پێ دەدەن، بەڵام ئەگەر نەیتوانی جێبەجێی بکات ئەوا لێی دەکەن بەهەرا، ولەوانەیە پێش تەواو کردنی دەورەی حوکمڕانی خۆی لەسەر کار لای ببەن، بۆیە ململانێی حیزبایەتی لەو کۆمەڵگایانە هەر لەکاتی ئینتیخاباتە کە ئینتیخابات تەواو بوو ململانێ تەواو دەبێ خەڵکەکە یەکتر دەگرێتەوە.

بەڵام کۆمەڵگای نەزانو دواکەوتوو زیاتر بایەخ بە هۆو ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج دەدەن، جارجارە گرنگی زۆر بە سەرۆکی حیزب دەدەن، بۆ نمونە حیزبی ئەندیرا غاندی لە هیند لە کاتی دروست بوونی نەهرۆی باوکی سەرۆك بوو، پاش مردنی ئەندیرا بوو بەسەرۆك، وپاش مردنی ئەو کوڕەکەی بوو بەسەرۆك.

هەروەها ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە دەیانەوێ حیزب ڕێنومایی هەموو شتیان بۆ بکات، جارێ صەدام داوای لە عەرەبە فەلاحەکان دەکرد خۆیان بشۆنو جلو بەرگەکانیان پاکو خاوێن بێت، جارێکی دی بڕیاریان دەرکرد کە خۆیان لاوازو باریك بکەن، ئەوە چ پەیوەندی بە حیزب نییە، یان هەندێ حیزب هەوڵ دەدەن ئەوە لە مێشکی خەڵك بچەسپێنن کە هەرچی لە حیزبی ئەوان بێ نیشتیمان پەروەر یا نەتەوە پەروەرە، ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبێت نەنیشتیمان پەروەرە نە نەتەوە پەروەرە، بیستومە هەندێ کاربەدەست لەکاتی وەرگرتنی موچە دەڵێن: لەسەرو ماڵی فلانە کەس (سەرۆکی حیزب) بەزیاد بێت، ئەو قسەیە ئەوە دەگەیەنێت کە کەس مافی هیچی نییە هەموو شت موڵکی تایبەتی سەرۆکی حیزبە، بۆ باوکە تۆیش ئیشت کردیە مافی خۆتە مانگانەت وەربگرىو عارەقی نێو چەوانی خۆتە.

بۆیێ زۆر جار حیزبەکان بە پێچەوانەی ئامانجەکانیان کار دەکەن، یان ئامانجەکانیان دەگۆڕن بۆ نمونە حیزبێکی نەتەوە پەروەر ئامانجەکەی ئەوەیە نەتەوەکەی خۆی بگات بە مافی بڕیاردان لەسەر چارەی خۆی، دەبینێت پاش ماوەیەك قەدەغەی مافی حیزب دروست کردن دەکات لەگەڵەکەی، ئەوە مانای ئەوەیە: کە ئەو حیزبە ئامانجەکەی خۆی گۆڕی لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی هەتا هەتایی، یاخود بەلای کەمەوە دەتوانین بڵێین: ئامانجەکەی خۆی فراوانتر کرد لە جاران‌و کردی بە وەدەست هێنانی مافی نەتەوەو مسۆگەر کردنی دەسەڵات هەتا هەتایی، ئەو جۆرە حیزبانە لەجیاتی نەتەوە بکەنە یەك، پارچە پارچەی دەکەن‌و هەندێك دەکەنە دوژمنی هەندێکی دی، چونکە عەدالەت ناکەن لە حوکمڕانی، بەڵکو ئەوەی لە حیزبی خۆیانە لە مافی خۆی پتری دەدەنێ‌و ئەوەی لە حیزبی ئەوان نی‌یە مافی بەتەواوی نادەنێ.

هەروەها ئەو جۆرە حیزبانە لەناو خودی حیزبەکەش عەدالەت ناکەن، بەڵکو کوتلەو کۆمەڵ دروست دەکەن نەك لەسەر ئەساسی (تنظیم)بەڵکو لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی تایبەتی،لەبەر ئەوە سەرۆکی حیزب لە هەموویان دەست ڕۆیشتی ترە لە ڕووی دارایی‌و کارگێڕی بۆیێ کۆمەڵی ئەو لە هەموویان پترترن‌و بەهێزترن، هەر بۆیێ سەرۆکایەتی ئەو جۆرە حیزبانە هەر بە سەرۆکی دەمێنێتەوە تا مردن.

ئەو جۆرە حیزبانە لەبەر ململانێ لەگەڵ حیزبەکانی دی و ململانێی ناوخۆ بۆ مانەوەی سەرۆك‌و گێرمەو کێشە لەسەر بەشکردنی سودو بەرژەوەندییەکانی تایبەتی ناگەن بە ئامانجی سەرەکی حیزبەکەیان کە دروستکردنی دەوڵەتە، هەتا ئەگەر حیزبەکەیان توانی دەوڵەتیش دروست بکات ناتوانێت نەتەوە بحەسێنێتەوە، چونکە ئادەمیزاد بیرو بۆچونیان جیا جیایەو هەموویان لەسەر یەك حیزب یان یەك بۆچون کۆنابنەوە، ئەو جۆرە حیزبەیش دەیەوێ هەموویان بە گێرەی بۆچونی سەرۆکی حیزب بیرکەنەوە خۆشی بێ‌و ترشی بێ، کەواتە حیزب دەبێتە حیزبێکی پاوان خوازی

توندڕەوو سەرۆكیش دەبێتە سەرۆكێكی دیكتاتۆر.

تائێستا زۆربەی حیزبەكانی عێراق و ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر بەو جۆرە ڕەفتاریان كردووە. لێرە پرسیار دەكرێ هۆی ئەو دكتاتۆریەتە چییە؟ ئایا بەرنامەی حیزبەكانە، یان قیادەكەیە، یان خەڵكەكەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بزانین كێ بەرنامەی حیزب دادەنێ و كێ شەرعییەتی دەداتێ، مەعلومە ئەوانەی بەرنامەی حیزب دادەنێن سەركردەكانی ئەو حیزبەن، مەعلومە ئەوانیش بەشێكی گرنگن لەو نەتەوەو كۆمەڵگەیە، كەواتە نەزانی كۆمەڵگا بەرپرسیارە لەجۆری كاركردنی ئەو حیزبانە، چونكە گەلێكی نەزان و پاش كەوتوو حیزبێكی وەكو خۆی دروست دەكات، وەهەركاتێ گەلەكە بەرەو عەدالەت و پێشكەوتن هەنگاوی باشی هاوێشت حیزبەكانیشیان بەرەو عەدالەت و پێشكەوتن دەروات .

لەوانەیە كەسێك بلێ: ئەو ململانێ ودیكتاتۆریەتە هەمووی خەتای قیادەی حیزبەكانە، وەمیللەت ناچارە ملیان بۆ دابنوێنێ. بەڵام ئەو قسەیە ڕاست نییە، چونكە لەو كاتەی ئەو حیزبانە شۆڕشیان دەكرد، میللەتەكە بوو بوو بەسێ بەش:

بەشێكیان لەگەڵ شۆڕش بوون

بەشی دوەم: دژی شۆڕش بوون

بەشی سێیەم: لای سەركەوتیان بوون، یانی نە لەگەڵ شۆڕش بوون نەدژی شۆڕش بوون .

كەشۆڕش سەر كەوت هەمووی بەگەر شۆڕش كەوت، بەڵام ئەوانەی لەكاتی خۆی دژی شۆڕش بوون هەست بەكەمایەتی دەكەن، و دەیانەوێ ئەو پەڵە ڕەشە بسڕنەوە . بەڵام چۆن دەیسڕنەوە؟ باشترین ڕێگا بۆ سڕینەوەی ئەو پەڵە ڕەشە ئەوەیە ململانێیەك لەناوی كۆنە شۆڕش گێڕەكان دروست بێ، و ئەوان هەموو هێزو توانای خۆیان لێ بەكار بێخن و نەهێلن ئەو ململانەیە بكوژێتەوە تا شۆڕشەكە فاشیل دەبێتەوە، كە فاشیل بووە، ئەوان دەگەڕێنەوە سەر كاری خۆیان، ئەگەر هاتوو شۆڕشەكەش فاشیل نەبووە، ئەو كاتە بەهۆی ئەو ململانەیە تەڕو وشك تێكەڵاو دەبێ، و زۆربەی میللەتەكە توشی زیان و ناخۆشی

ژیـان دەبـێ، جـا لـە هـەمووان عـاجز دەبـێ، و قـسەی خـراپ بەشۆڕشـگێڕە کۆنـەکان دەڵێـی، پـێش شۆڕشـگێڕە نووەکان (کۆنە دژ بەشـۆڕش) بـەو جـۆرە ئاسـەواری هـەموو شـت ڕەش دەبێتـەوە، کەواتـە بەحەقیقـەت میللەتەکـە ململانـێ دەکات، نەك حیزبەکان، بەڵام گـەورەترین عـەیبی قیادەکـان ئەوەیەئـەو ململانـە ڕاناگرن، چونکە دەتوانن ڕای گرن ئەگـەر خـۆ پەرسـت نـەبن، دەتـوانین باشـترین نمونە دەستنیشان بکەین بۆ قیادەی پـاك و خۆ نەویست، ئەویش ئیمـامی(علـی)بـوو (ڕەزای خـوای لـێ بـێ)، چـونکە لـەکاتی حـەزرەتی ئـەبو بـەکر (ڕەزای خـوای لـێ بێ)کرا بە خەلیفە، ئەبو سوفیان هاتە لای ئیمـامی (علـی) و داوای لێکـرد کـەرازی نەبێ بە خیلافەتی حەزرەتی ئـەبو بـەکر، بەڵکو بـۆ خـۆی داوای خـەلیفاتی بکـات و دەستی لە سینگی خـۆی دا کـە بەهـەموو هیزو توانا پاڵپشتی بکـات، بـەڵام ئیمـامی (علی) خۆی لێ تورە کرد وپێی گـوت: تـۆ قەت خێرت بۆ ئیسلام نەویستووە[1].

هەروەها ڕابردووی نەتەوەو داب و نەریتی دەورێکی کاریگەری هەیە لە دروست بوون و پەرەسـەندنی ململانـێ و دکتاتۆریـەت، چونکە ئەگەر نەتەوەییکی ساڵەهای سـاڵ ڕاهـاتبێ لەسـەر داب و نـەریتی عەشیرەتگەری، پاشان حیزبێکی ڕامیـاری لـەناو دروسـت بـووبێ، ئـەو نەتـەوە بـە ڕوحی عەشیرەتگەری حیزبایەتی دەکـات، چـۆن لـەکاتی خـۆی فـەرمانی سـەرۆکی هۆزی جێبەجێ دەکرد بەحەق و ناحەق و هـیچ موناقەشـەی نـەدەکرد، ئێـستاش فەرمانی سەرۆکی حیزب جێبەجێ دەکات حەق بێ یان ناحـەق بـێ، ڕاست بـێ یـان غەڵـەت بـێ، چـونکە واڕاهـاتووە، کەواتـە دەبێ سەرۆك حیزب دکتاتۆربێ، ئەگەر نا بەپیاوێکی زەعیف لەقەڵەم دەدرێ .

هەروەها ئەگەر نەتەوەیەك سۆفی گـەری ودەروێشی گـەری لـەناو دڵـی چەسـپابێ، هـەرکاتێ حیزبێـك دروسـت بکـات، ئـەو نەتـەوە مامەڵـە لەگـەڵ سـەرۆك حیـزب دەکـات وەکـو مورشـیدی تەریقـەت، قەداسـەت دەدا بەسـەرۆك حیـزب،

(١) بۆ پتر لێکۆڵینەوە لـەو باسـە، بڕوانـە توێژینـەوەی ئێمە، شەرعیەتی حوکمرانی، سەنتەری برایـەتی ژمـارە ٢١سالی٢٠٠١ لل٦-٥٠ل٢٥.

وادەزانیٚ بە ئیلهام هەموو شت دەزانیٚ، کەواتە دەبیٚ سەرۆك فەریکە خوایەك بیٚ، ئەگەر مورشیدی کامیل نییە، نابێت بەسەرۆکی حیزبی بەهرەمەند، کەواتە دکتاتۆریەت لە داب ونەریتی میللەتەکەیە، و دکتاتۆریش پێویست دەکات بەهەبوونی ململانیٚ، ولێدانی بەرامبەرەکەی بەهێزێکی دڕندانە، تا جەوهەری هێزو توانای دەرکەویٚ و مورشیدی کامل خۆی دەرخا. والله أعلم.

## بەشی دووەم: دەمارگیری نەیەواتەیی

پێشەکی:

پێویستە ئەوە بزانین کەدەمارگیریی نەتەوایەتی هەمووی یەك پلە نییە، چونکە پەیوەندی هەیە بەدڵ و دەرونی ئادەمیزادەوە، پەیوەندی هەیە بە هەست و نەست وخواست وویستی ئادەمیزادەوە، کە ئەمەش بەهۆی بەهێزی و بیٚ هێزی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەهۆی دەورو بەرو، بەهۆی خوێندن و پەروەردەو، بەهۆی باری دەرونی ئەو کەسەو زۆر شتی دی کە نەتوانراوە دەست نیشان بکرێت. هەروەها پەروەردەی ئایینی لایەنی جۆراو جۆری هەیە و هەر لایەنی لەناو خۆی قوتابخانەی جۆراو جۆری هەیە، بۆ نمونە:

أ- لایەنی فیقهمان هەیە ئەویش چەند قوتابخانەی هەیە وەکو حەنەفی، شافعی، مالکی وحەنبەلی وشیعەی زەیدی و شیعەی ئیمامی و زاهیری و زۆری دی کە فیقهەکەیان کۆنەکراوەتەوە

ب-لایەنی باوەڕ (عقیدة) ئەویش چەند قوتابخانەی هەیە وەکو ئەشعەری، ماتریدی، موعتەزیلە، جەهمی وزۆری تر

ج-لایەنی تەسەووف، ئەویش چەند قوتابخانەیەکی هەیە وەکو قادری، نەقشی، رفاعی، تیجانی، خەلواتی وزۆری دی، بۆیێ پێویستە بۆ هەر کەسیٚ بیەوەیٚ بڕیار بدات لەسەر ئەوە کە دەمارگیری نەتەوایەتی لەئیسلام دروستە یا دروست نیە دەست نیشانی ئەو لایەن و قوتابخانە بکات کە دەیکات بەتەرازوو پێوەر بۆ دروست بوونی یا دروست نەبوونی. هەروەها پێویستە پلەی

دەمارگیریەکە دەست نیشان بکات چونکە دەمارگیری زۆر پلەی هەیە.

ئینجا: حەز دەکەم دەست نیشانی ئەوە بکەم کەمن لەو باسەدا بەپێوەرو تەرازوو لایەنی فیقهی حوکم لەسەر دروست بوونی یادروست نەبوونی دەمارگیری نەتەوایەتی دەکەم، نەك بەپێوەرو تەرازووی تەسەووف.

## پلەکانی دەمارگیری نەتەوایەتی:

دەمارگیری نەتەوایەتی زۆر پلەی هەیە بەگوێرەی هەست و نەست و حاڵەتی دەروونی ئادەمیزاد، هەموو نەتەوەیەك پێك هاتووە لەکۆمەڵێ هۆزی جۆراو جۆر و هەندێك دەماری نەتەوایەتی زۆر توندە و هەندێکی تریان دەمارەکەیان زۆر شلە هەندێکی تریشیان دەمارەکەیان مام ناوەندی‌یەو، هەروەها هەریەك لەو بەشانەش لەناوخۆیان جیاوازیان هەیە، بگرە ئەو بەشەی کەزۆر بەدەمارە ئەوانیش لەناو خۆیان جیاوازیان هەیە، هەندێکیان لەسەر شتێ تووڕە دەبن وا دەزانن کە ئاسمان روخاوە، کەچی ئەوانی دی بەشتێکی ساکارو سووك و ئاسانی ودەزانن هیچ پێی تووڕە نابن، وە لەهەمان کاتدا بەشتێکی دی تووڕە دەبن.

بۆیە پێویستە ئێمە بۆ ئەوەی حوکم بدەین لەسەر هەر نەتەوەیەك کە دەمارگیری نەتەوایەتی پلەکەی توندە یان شلە بەگوێرەی سەرکردەکان، بەوجۆرە دابەشیان بکەین .

لەبەر ئەوەی دەمارگیری نەتەوایەتی سێ پلەی هەیە، ئێمە ئەم بەشانە دەکەین بە سێ باس:

## ١-باسی یەکەم ئەو نەتەوەی دەمارگیری نەتەوایەتی توندە:

پێویستە لێرە دووشت دەست نیشان بکەین: ١- پێناسەی دەمار گیری نەتەوایەتی توند . ٢- حوکمی شەرع.

دەمارگیری نەتەوایەتی توند ئەوەیە: کە نەتەوەکەی خۆی بەباشترو ڕەگەز چاکتر دابنێ لەنەتەوەکانی دی ژێردەستی ئەوان بن، هەر هۆزێك یان هەر نەتەوەیەك ئەو هەوایەی کەوتە سەری، هەوڵی ئەوە دەدات کە نەتەوەکانی دی بچەوسێنێتەوە وداگیریان بکات و بەگوێرەی قازانجی خۆی هەڵیان بسوڕێنێ، وادەزانی خودا نەتەوەکانی تری بۆ خزمەتکردنی ئەو

دروست كردوه، یانی خۆی بـه (شعب الله المختار) بزانێ وەكو حیزبی نازی ئەڵمانی، فاشــــییەكانی ئیتــــاڵی، كەمالییــــەكانی توركیـــــا، وبەعــــــسیەكانی عێــــراق و سەهیۆنییەكانی ئیسرائیل.. حـوكمی ئـەو جۆرە دەمارگیرییـە ئەوەیـە كـە حەرامـە، لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

١–حوكم ڕانانی ئەو جۆرە نەتەوانە ئەگەر لەدەسـتیان بـێ و بۆیـان بـسوڕێ هــەر نەتەوەیـەكی دی دەچەوسێننەوەو مـافی دەخۆن و سوخرەو بێكـاری پـێ دەكـەن، ئــەوەش گونـاحێكی گەورەیـە، چـونكە خودا دەفەرمێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ﴾ [الحجرات: ١١].

یانی ئـەی ئـەو كەسـانەی خـاوەن ئیمـانن نەتەوەیەكتان گەمەو گاڵتە بەنەتەوەیەكی دی نــەكات، چــونكە لەوانەیــە گاڵتـــە پێكراوەكـان باشـتر بـن . لێـرە بەڕاسـتی باشــــترن، چــــونكە لەوانەیــــە گاڵتــــە پكراوەكـانی باشـتر بـن. لێـرە بەراسـتی باشترن، چونكە گەمەو گاڵتـەیان بەكـەس نــەكردووە و مــافی كەســیان پێــشێل نەكردووە.

ب– هــەروەها حـوكم ڕانـانی ئـەو جـۆرە نەتەوەیـە دادپـەروەر نـابن، چـونكە هــەر كاتێ كێشەیێ ڕوویدات لەنێوان نەتـەوەی خۆیان و نەتەوەیێكی دی لایانی نەتەوەی خۆیان دەگـرن هەرچـەند ناحـەقیش بـێ، چـونكە تاوانبـاری خۆیـان بـەبێ تـاوانی خــەڵك ناگۆڕنــەوە، درۆزنــی خۆیــان لا خۆشەویـستترە لـە راسـت گـۆیی خـەڵك، ئەوەش لەگەڵ ئـایینی ئیـسلام نـاگونجێ، چونكە خودا دەفەرمێ:

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ [النساء: ٥٨].

یـانی خـودا فـەرمانتان پـێ دەكـا: كـە ئەمانـەت بدەنـەوە خاوەنەكـەی خـۆی و، ئەگــەر حوكمتــان كــرد لــەنێوان خــەڵك دادپەروەر بن، هەروەها خـودا دەفـەرمێ: ﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ﴾ [الأعراف: ٢٩] .

یـانی بەخـەڵك بڵـێ: خـودا بـە دادگـەری فــــەرمانی داوە، كەواتــــە پێویــــستە دادپـــەروەربن، هـــەروەها دەفـــەرموێ:

﴿وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ [الحجرات: ٩].

یانی دادپەروەربن، بەراستی خودا کەسانی دادپەروەری خۆشدەوێ.

ج- هەروەها: سەرکردەکانی ئەو جۆرە نەتەوەیە ستەم کارن، چونکە ئەگەر بۆیان بگونجێت، زوڵم وستەم لە نەتەوەکانی دی دەکەن و خاکیان داگیر دەکەن، و شار و دێهاتیان کاول دەکەن، و ماڵیان تالآن دەکەن و دەیان کوژن، هەندێ جاریش هەوڵی تواندنەوەیان دەدەن، بەهۆی کوشتنیان بەکۆمەڵ، یان ڕەگەز نامە پێ گۆڕین، نمونەش بۆ ئەمانە زۆرن وەکو: نازییەکان وبەکۆمەڵ کوشتنی جولەکەکان، هەروەها کەمالییەکان و بەکۆمەڵ کوشتنی کوردو نەتەوەکانی تری غەیری تورك و، وەکوو بەعسییەکانی عێراق و بەکۆمەڵ کوشتنی کورد بە ئەنفال و کیمیا باران و، ڕاگواستنیان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و، بە عەرب کردنیان.

د- ئەو جۆرە نەتەوەیە ڕەگەز پەرستن و یارمەتی یەکتر دەدەن لەسەر خراپە و ستەمکاری، ئەوەش پێچەوانەی فەرمانی خوداو پێغەمبەرە ﷺ چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المائدة: ٢].

یانی: بۆ گوناح و تاوان و ستەمکاری یارمەتی یەکتر مەدەن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێ: (العصبية أن تعين قومك على الظلم)[٢].

یانی: ڕەگەز پەرستی ئەوەیە پشتی هۆزی خۆت بگری و یارمەتی بدەی لەسەر ستەمکاری .

جا لەبەر ئەوە دەمارگیری نەتەوایەتی توند دەبێتە هۆی ستەم و زوڵم و زۆرداری و، ناعەدالەتی و، بەسوك و هەرزان دانانی نەتەوەکانی ترو، هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان و،ڕەگەز پەرستی تێدایەو، ئەوانیش هەموویان حەرامن، بۆیێ ئەو جۆرە دەمارگیریە حەرامە و، ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دژی دەوەستێ.

---

(٢) (سنن أبي داود: ٤/٣٢١، رقم الحديث: ٥١١٩، ٥١٢٠، وسنن ابن ماجة: ٢/١٣٠٢ رقم الحديث: ٣٩٤٩، وضعفه الألباني في: ضعيف سنن أبي داود: ٥١١٩، وضعيف الجامع الصغير: ٣٨٦٣، ومشكاة المصابيح: ٤٩٠٥).

## ٢– باسی دووەم: ئەو نەتەوەی دەمارگیری نەتەوایەتی شلە:

پێویستە دووشت دەست نیشان بکەین: پێناسەی دەمارگیری نەتەوایەتی شل.

### حوکمی شەرع

١–دەمارگیری نەتەوایەتی شل ئەوەیە: کە نەتەوەیی خۆی بەکەمتر بزانێ لەنەتەوەکانی دی بەجۆرێك لای وابێ پێویستە لەسەری لەژێر سایەو حوکمڕانی نەتەوەیەکی دی بژی، چونکە ناتوانێ سەربەخۆ بێ و خۆی حوکمڕانی خۆی بکات، ئەوجۆرە دەمارگیرییە شلە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاد ناگونجێت بۆیە بەردەوام نەوەی کۆن هەوڵ دەدات نەوەی تازە پەروەردە بکات و ڕای بێنێ لەسەر ترسنۆکی و سەلامەتی، جا بۆیێ هەر لەمنداڵییەوە پەروەردەیان دەکەن بەهەندێ پەندی واکە دەماری نەتەوایەتیان سست بکات، بۆ نمونە، هەندێ لە پەندەکانیان ئەوانەن:

أ–لەمن نەدەن لەبرام دەن، لام وایە لە جواڵی کا دەدەن.

ب–کلاۆی خۆت بگرە با نەیبا .

ج– هەرسەر سەلامەت بێ چی دەبێ بابێ.

د– گندۆرە خۆربە بێستان ڕن مەبە.

هـ– هەر کەسێك کەرێکی نەبێ، کەرێك ناهێنێ، و زۆری تر، ئێمە ئەگەر سەرنج لەو پەندانە بدەین دەبینین هەمووی لە دەوری سێ شت دەسورێتەوە:

١–بایەخدان بەژیان: چونك پەندی (أ، ب، ج)، ئەوەت فێردەکەن کە خۆت بۆ هیچ شت و لەسەر هیچ شت بەکوشتن مەدە لە برایان دای یا خاکیان داگیر کردی یا دونیا پڕ بوو لە زوڵم و زۆرداری، کەیفی خۆیەتی، گرنگ ئەوەیە سەلامەت بژی و نەمری و نەکوژرێی و تووشی ناخۆشی نەبی، یانی ژیان پەرستی.

٢– بایەخدان بەماڵ، چونکە پەندی(هـ) ئەوەت فێر دەکات، کەماڵ و دارایی سەرچاوەی هێزو ڕێزە لەناو کۆمەڵ، تا زۆرترت هەبێ بەهێزتر و بەڕێزتری و، تا کەمترت هەبێ بێ ڕێزتری، یانی ماڵ پەرستی، یا ماڵ پەروەری .

٣– دوور کەوتنەوە لە مەسئوولیەت و حوکمڕانی: پەندی (د)، ئەوەت فێر دەکات کە مەسئوولیەت هەڵنەگری و هەر لە ریزی دوواوە دابنیشی و بخۆی.

هەر لەو بارەوە دەڵێین: باوکێ ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی دەکرد، بەو جۆرەی خوارەوە:

گوتی: کوڕم سەر مەبە لە هیچ شتێ چونکە هەر بەلآیە بێ توشی سەر دەبێ و هەر بەرپرسیاربی هەبێ سەرۆك توشی دەبێ و، هەروەها پێ مەبە، چونکە پێ هەر ماندوو بوونی پێ دەبڕێ و هیچ قازانج ناکات، بەلآم ناوقەد بە، چونکە ناوقەد وەکو سەر تووشی ماندووبون و بێ بەشی نابێ، کەواتە سودو قازانجێکی بێ ماندوبوون و مەترسییە . لێرە پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو پەندو ئامۆژگارییە خراپانە لەناو دوژمن نەهاتون، بەڵکو لە کەسانێکی دڵسۆز و خۆشەویست هاتون و دەیانەوێ لە زەرەرو زیان دوورت بخەنەوە، خۆشیان پەیڕەوی ئەو پەندانە دەکەن و، لە دڵیان چەسپاوەو بووە بە خووڕەوشت، بەلآم بەداخەوە خووڕەوشتێکی خراپە و زیان بەخشە بۆ داهاتوو و پاشەرۆژی نەتەوەکەیان و، مەردایەتی و، بەهانا هاتن و، چاکەکردن و، خۆبەخت کردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و، هەست بە مەسئولیەت و بەرپرسیاری لە مرۆڤ کز دەکەن، بەڵکو دەیتاوێننەوە و دەیکوژن.

٢–حوکمی ئەو جۆرە دەمار شلیە یا بێ دەمارییە ئەوەیە کە حەرامە لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

أ– ئەندامانی ئەو جۆرە نەتەوەیە عادەتەن ئامادەنین خۆیان بەخت بکەن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و، هەروەها ئەوەی خۆشی بەخت بکات پاداشت و تەقدیری تەواوی نادەنێ، چونکە لە خورەوشتی زۆربەی کۆمەڵ لایداوە، بەڵکو لەوانەیە بە شێتیان دابنێن، هۆیەکەشی ئەوەیە: ئەگەر بەمەرد ولاو چاك و ڕەشیدیان دابنێن، و بەشان و باڵیان هەربڵێن بۆ خۆیان دەبێتە زەرەر، چونکە خۆیان پێچەوانەی ئەو مەردانەنە، کەواتە باشتر وایە بە شێتیان دابنێن تا خۆیان بە عاقڵ و ژیر حیساب بکرێن. لەهەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە ئامادەنە خۆیان بەخت بکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بۆ نمونە: ئەگەر یەکێکیان بزانێ خزمێکی یا هەر کەسێك لاتە عەردێکی ئەوی بەزاندووە ئامادەیە کەسەکە بکوژێ یاخۆی بە

کوشتن بدات، بەڵام ئەگەر هاتوو نەتەوەیێکی دی عاردی هەموو دێیەکەی داگیر کرد ئامادە نییە خۆی بە کوشتن بدات. هەموشمان دەزانین ئەو جۆرە رەوشتە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، چونکە خودا فەرموویەتی: ﴿أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾ [ الفتح: ٢٩].

یانی: لەگەڵ دوژمنان توندوتیژن وناوە خۆشیان دلۆڤانن.

ب–هەروەها ئەندامانی ئەو جۆرە نەتەوەیە عادەتەن یارمەتی یەکتر نادەن بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئەگەر هەندێکیان دەست بەجەرگی خۆیانەوە بنێن و یارمەتی بدەن یارمەتی دانەکەیان کزە.

ج–ئەو جۆرە نەتەوەیە زۆر گوێ بەحەق و ناحەق نادەن، چونکە ناحەقی وزوڵم وزۆرداریان هەندە لێکراوە پێی راهاتوونە، عادەتان زۆربەی ئەندامانی ئەو جۆرە نەتەوەیە تابتوانن دەبن بەلای سەرکەوتوو، یانی لەکاتی ناکۆکی لەنێوان دوو تیرە یا دوو سەرکردە یا دوو نەتەوە، بیر دەکەنەوە ئاخۆ کامیان سەر دەکەوێ یا هۆو ئامرازی سەرکەوتنی پترە خۆیان دەکەن بەلای ئەو، جا کەیفی خۆیەتی لەسەر حەقە یا لەسەر ناحەقە و، خراپە یا چاکە و، دادپەروەرە یا ستەم کارە، بەرادەیەك ئەگەر نەتەوەی خۆیان لەگەڵ نەتەوەیێکی تری دوژمن کەوتە ناکۆکی و ململانێ، هەرکاتێ بۆیان دەرکەوت کە نەتەوە دوژمنەکە هۆ و ئامرازی سەرکەوتنی پترە دەبنە لای نەتەوە دوژمنەکە و لە دژی نەتەوەی خۆیان رادەوەستن وشەڕی لە دژ دەکەن، هەتا ئەگەر نەتەوەی خۆیان لەسەر حەق بێ و ستەم لێکراو بێ و، نەتەوە دوژمنەکە ناحەق بێ و تاوانبار بێ و داگیر کەربێ، چونکە نەتەوە دوژمنەکە هۆو ئامرازی سەرکەوتنی بەهێزترە، لەوەش پتر ئەوەیە کەزۆربەی خەڵکەکە بەتاوان بار و خیانەتکاریان دانانێن، بەهەنجەتی ئەوە گوایە ئەوانە هەر چەند خزمەت دوژمنیان کردووە بەڵام بەهۆی ئەو خزمەتە سەرو ماڵی خۆیان وزۆر کەسی تریان پاراستوە، چونکە ئەو جۆرە نەتەوەیە سەرو ماڵ پاراستنی لاگرنگترە لە شەرەف و کەرامەت و ماف و حەق و هەموو شت .

ه –رێزی زانیاری وپیاوی زاناو دانا ناگرن، بەڵام رێزی ماڵ و هێز زۆر دەگرن،

چونکە دەوڵەمەند ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێ ڕۆژێ یارمەتیان بدا بە ماڵ، خاوەن هێزو دەسەلاَتدار ئومێدی ئەوەی لێ دەکرە ڕۆژێ یارمەتیان بدات، ئەگەر یارمەتیشیان نەدات خۆ هەر نەبێ لە ژێر دەستی سەلامەت دەبن .

و – دین دەکەن بە خزمەتکاری دونیا، لەبەر ئەوە کە گرنگترین شت سەر و ماڵ پاراستنە لەلای ئەو جۆرە نەتەوەیە، بۆیێ دینەکەشیان هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنن، بۆ نموونە ڕێزی شێخ ومەلا دەگرن بۆ ئەوەی دوعایان بۆ بکەن لە نەخۆشی و ناخۆشی رزگاریان بێ و، دەمی گورگ لە مەڕ و مالاَتەکانیان ببەستن و، دەستی دزیان بۆ ببەستن و، دوعای چاوزاریان بۆ بکەن و، دوعای ماڵ زۆری و سەر سەلامەتیان بۆ بکەن بەکورتی و بەکوردی یانی: هەموو شت لە پێناو سەرو ماڵ . تەنانەت ئەوانەی داوای زوهد وقەناعەت ودونیا نەویستی دەکەن زۆربەیان دەوڵەمەندن، چونکە لەژێرەوە تیجارەت بەدین دەکەن .

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو نەتەوە بێ دەمارانە یا دەمار شلانە، لە جیاتی دەمارگیری نەتەوایەتی دروشمی( هەموو شت لەپێناو سەلامەتی سەرو ماڵ ) هەڵدەگرن، وە هەڵگرتنی ئەو دروشمە و پێڕەوکردنی، لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناگونجێ، بەڵگەش زۆرە لەسەر دژایەتی ئیسلام لەگەڵ ئەو جۆرە ڕەوشتانە:

## ***بەڵگەی قورئان:***

١– خودا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾ [التوبة: ٥١] .

یانی: هیچ ڕووداوێك بۆ ئێمە ڕوونادا مەگەر ئەوەی خوا بۆ ئێمەی نوسیوە، کەواتە ئەگەر خوا نوسیویەتی سەروماڵمان بپارێزێ هەر دەیپارێزێ و، ئەگەر نوسیبی لەناو بچی هەر لەناو دەچێ، بۆیێ ئەوەی ئەو جۆرە نەتەوەیە دەیکات بۆ پاراستنی سەرو ماڵ دەبێتە بەڵگە لەسەر بێ بڕواییان بەخودا .

٢– هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾ ﴿ آل عمران: ١٤٥ ﴾ .

یانی: هیچ کەس نابێ بمرێ، مەگەر بەفەرمانی خودا، مردن نوسراوێکی کات

دیاری کراوەو، هەر کەس گەیشتە کاتی خۆی دەمرێ .

٣- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكُكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ﴾ [النساء: ٧٨].

یانی: لەهەر کوێ بن، مردن پێتان ئەگات، هەر چەندە لەناو قەلاّی بەرزو و قایمیش دابن.

٤- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ وَلَا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ﴾ [فاطر: ١١] .

یانی: تەمەنی کەس زیاد نابێت وتەمەنی کەسیش کورت نابێت، مەگەر ئەوەی لە کتێبدا ( زانستی خوا) نوسراوە .

٥ - هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

یانی: هەر پشت بە خوا ببەستن، ئەگەر ئێوە بڕوادارن و خاوەن ئیمانن .

٦- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٢-٣] .

یانی: هەر کەس لە خودا بترسێ، خوا ڕێگای رزگاری بۆ دابین دەکات و، رزقی بۆ دابین دەکات بەجۆرێك و لەجێیەك کە هەر بەبیریدا نەدەهات و، هەر کەس پشت بەخوا ببەستێ، خوا بۆ ئەو بەسە.

٧ - هەروەها دەفەرمووێ:

﴿إِنَّ الْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [الأعرف: ١٢٨].

یانی: عەردو بەرد بەڕاستی تایبەتی خوایە، بەهەر کەسێ بیەوێ و شیاو بێ پێی ئەبەخشی و ئەیداتێ و، سەرنجامی چاك بۆ ئەوانەیە لە خوا دەترسن، نەك ئەوانەی لە خەلّك ئەترسن .

٨- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ [آل عمران: ١٨٦] .

یانی: ئەگەر خۆتان بگرن لەسەر زیان و ئازار و، خۆتان بپارێزن لە بێ ئەمری خوا (سەردەکەون) بەڕاستی خۆگرتن و خۆ پاراستن لە بێ ئەمری خوا نیشانەی سووربوون لێ برانە لەکارو باردا و شایستەیە هەموو کەس پەیڕەویان بکەن، چونکە ڕەوشتێکی بەرزە و مایەی سەرکەوتنە .

## بۆ زانین:

هەرچی داوای ئارامی (الصبر) هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا هەمووی داوای ئەوە دەکات کە ئادەمیزاد بەهێزو، تواناداربکات بۆ بەگژدا چونەوەی ناحەق و خراپەکاری، و ئامادەبێ ناخۆشی بچێژێ لەسەر پشتگرتنی حەق و چاکە و ڕاستی و وورەی نەتەپێ بەهۆی فەقیری و نەداری و نەخۆشی و لە دەستدانی خۆشەویستان، وە بەهیچ جۆر مانای ئەوە نییە کە تۆ خۆت بگری و دەنگ نەکەی لە بەرامبەر پیاو خراپان و ستەم کاران، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کەخودا دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ﴾ [الشورى: ٣٩] .

یانی: باشتر و پایەدارتر ئیماندار ئەو ئیماندارانەن کەخوو ڕەوشتی باشیان هەیە، یەکێ لەو خوو ڕەوشتە بەرزانەیان ئەوەیە: کە هەرکاتێ ستەمێکیان پێ دەگات یارمەتی لەیەکتر دەخوازن و یارمەتی یەکتر دەدەن (دیفاع دەکەن) کەواتە خۆگرتن بەمانا مل شۆڕ کردن بۆ داگیر کەران و ستەمکاران بەناوی پاراستنی سەرو ماڵ یا بەهەر ناوی دی لەگەڵ ئایینی ئیسلام ناگونجێ .

٩ – هەروەها خوا دەفەرمووێ:

﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المائدة: ٢].

یانی: یارمەتی یەکتر بدەن بۆ چاکە و چاکەکاری و لە خوا ترسان، بەڵام بۆ گوناح و تاوان و دەست درێژی کردن یارمەتی یەکتر مەدەن، کەواتە: پێویستە لەسەر ئادەمیزاد یارمەتی حەق خواراوان بدات و یارمەتی ستەم کاران نەدات .

١٠– هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ [الحشر: ٩] .

لەو وئایەتەدا خوا مەدحی ئایین پەروەرانی خەڵکە مەدینە دەکات ودەفەرمێت: ئەوانەی پێویستییەکانی خۆیان دەخست، یانی خۆشحاڵ بوون بەوە کە یارمەتی برایانیان بدەن وپێویستییەکانیان جێ بەجێ بکرێ، لەکاتێك کە خۆشیان زۆر پێویست بوون و، ئەوانەی کە لە بەخیلی نەفسی خۆیان پارێزراون و، زۆر دڵیان بەماڵەوە نییە، هەر ئەوانە ڕزگاریان دەبێت لە ناخۆشی دونیا و

قیامەت، نەك ئەوانەی هەموو شت دەكەن بۆ پاراستنی ماڵ یا بۆ پەیا كردنی ماڵ .

١١- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ﴾ [النحل: ٩٠] .

یانی: خوا فەرمان ئەدا بە دادگەری و چاكەو یارمەتی دانی خزمان و، فەرمان ئەدا بەنەكردنی خراپە و ستەم وئیشی ناشیرین و دەست پیسی و دامەن پیسی . كە خوا فەرمان بدات بەیارمەتی خزمان بدات بە یارمەتی خزمان و، نەتەوەش وەكو خزم وایە، كەواتە فەرمان دەدات بەیارمەتی نەتەوە، بۆیێ ئەوانەی هاریكاری نەتەوەیێكی دی بكەن لەدژی نەتەوەی خۆیان بەدەرچوو لە فەرمانی خوا دائەنرێن، بەتایبەتی ئەگەر نەتەوەكەی خۆیان ستەم لێ كراو ماف خوراو بن .

١٢-هەروەها دەفەرمووێ: ﴿فَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ﴾ ﴿البقرة: ٢٠٠﴾.

یانی: هەندێ كەس هەن لەكاتی دوعا و پاڕانەوە دا ئەڵێن: ئەی پەروەردگار ئێمە لەم دونیایەدا بەخششمان لەگەڵ بكەو لەسەر وماڵ بۆمان زیاد كە، ئەوانە چونكە هەر بۆ دونیا دەپاڕێنەوە، لەپاشەرۆژ بێ بەشن، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو نەتەوەی دروشمی (سەرو ماڵ پاراستن) ی هەڵ گرتووە پاشەرۆژی تاریك و ناخۆشە لە هەردوو جیهان .

١٣- هەروەها دەفەرموێ: ﴿تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ﴾ [الأنفال: ٦٧].

خوای گەورە بەو ئایەتە سەرزەنشتی پێغەمبەری ﷺ كرد، چونكە دیلە كافرەكانی بەماڵ گۆڕییەوە، كەواتە ئەو كەسانەی لە بۆ خاتری ماڵ لە دژ نەتەوەی خۆیان رادەوەستن دەبێ حاڵیان چۆن بێ .

١٤ هەروەها دەفەرموێ:

﴿بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾ ﴿الأعلى: ١٦ -١٧﴾.

یانی: ئێوە ژیانی ئەم دونیایە پێش دەخەن، كەچی ژیانی ئاخیرەت باشتر و بەردەوامترە.

١٥ - هەروەها لەسەر زوبانی لقمان دەفەرمووێ:

﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ [لقمان: ١٧ ] .

یانی: کوڕەکەی خۆم نوێژ بکە و، چاکە بڵێ و، بەگژی خراپەدا بچۆو بەرپەرچی بدەوەو، ئارام بگرە بەرامبەر ناخۆشی و بەڵا و ناڕەحەتی، ئەو گرنگترین کارەو، باشترین خوو ڕەوشتە، چونکە خۆڕەوشتی پیاوی مەردە .

١٦- هەروەها دەفەرمووێ:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ [البقرة: ٢٤٣].

یانی: ئەدی تۆ ئەوانەت نەدیت بەهەزاران لەترسی مردن هەڵاتن و مەملەکەتی خۆیان بەجێ هێشت، خوا فەرمانیدا بمرن، پاشان زیندوی کردنەوە خودا سەبارەت بە مرۆڤ چاکە دەکات، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی لە شوکرانە خۆ دەبوێرن .

ئەبو مەنسوری ماتریدی دەڵێ[٣]: (ئەو ئایەتە وەڵامە بۆ قسەی خوانەناسان و بەڵگەیە کە مردن و ژیان بەدەست خوایە هەروەکو دەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا﴾ [آل عمران: ١٥٦ ] .

یانی: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان: ئێوە وەکو ئەوانە مەبن کە خودایان نەدەناسی و سەبارەت بە براکانیان کە لەسەفەر بوون یا لە شەڕی دوژمنان بوون، دەیانگوت: ئەگەر ئەوانە لامان بان نەدەمردن و نەدەکوژران .

کەواتە: ئەو ئایەتە سەرگوزشتەی نەتەوەیەك دەگێڕێتەوە کە لەترسی مردن هەڵاتن و نەوێران بەگژ دوژمنی داگیردا بچنەوە و، ئەوانە نەزان بوون، چونکە نەیان دەزانی مردن و ژیان بەدەست خوایە، بەڵکو وایان دەزانی مردن و ژیان بەدەست دوژمنە.

لەو دوو ئایەتە بۆمان دەردەکەوی، ئەو شۆشگێرانەی کە خۆیان بەدەستەوە دەدەن یا هەڵدێن و وولات بەجێ دێڵن لە ترسی کوژران، نازانن مردن وژین بەدەست خودایە، بەڵکو وا دەزانن مردن بەدەست دوژمنەو ژیان لەو هەڵاتنەیە . لەو بارەیەوە

(٣) (أبو منصور محمد الماتريدي، تأويلات أهل السنة، تحقيق جاسم محمد الجبوري، مطبعة الإرشاد، بغداد سنة ١٩٨٣ ص٥٦٥).

ئایەتی قورئان گەلێ زۆرن، بەلأم ئەوەندەی گوتمان بەسە بۆ ئەو کەسەی خوا دڵ ودەرونێکی پاکی پێ بەخشیبێ . جا دەچینە خزمەت فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەو بارەیەوە و چەند فەرموودەتان دەخینە بەر چاو .

بەڵگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر

١- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

(اللهم إني أعوذ بك من البخل وأعوذ بك من الجبن)[٤] .

یانی: ئەی خودایە خۆم لە پەنای تۆ ئەگرم بمپارێزە لەماڵ پەرستی و بمپارێزە لەترسنۆکی .

هەموویشمان دەزانین ئەو کەسانەی دەماریان ناگیرێ لە بەرامبەری ئەوانەی ستەم لە نەتەوەکەیان دەکەن و بەگژیاندا ناچنەوە، ئەوانە دەیانەوێ سەرو ماڵی خۆیان بپارێزن، یانی ترسنۆکن و رەزیل و ماڵ پەرستن، ئەگەر وا نەبن ستەم لەسەر نەتەوەکەی خۆیان قەبووڵ ناکەن .

٢- هەروەها دەفەرمووێ:

(تعس عبالدينار والدرهم)[٥] .

یانی: دەو دەو بکەوێ، یا خوا بەسەر دەم چاویدا بەرێتەوە دینار پەرست و درهەم پەرست .

٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

(من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان)[٦] .

یانی: ئەگەر یەکێ خراپەی دیت هەوڵبدات لای بەرێ و بیگۆڕێ و ڕاستی بکاتەوە بە دەستی خۆی، ئەگەر بەدەست نەیتوانی، بەزمان بڵێ: ئەوە خەراپەیە و ناڕاستە، ئەگەر نەیتوانی ئەبێ پێی ناخۆش بێ لەدڵەوە، ئەوە کەمترین بەروبوومی ئیمانە .

کەواتە: ئەگەر زانیت نەتەوەیەك خاك و نیشتمانت داگیر دەکات و نەتەوەکەت دەچەوسێنێتەوە و زوڵم وزۆرداری لێ دەکات، پێویستە دەست بدەیە چەك و بەرگری لێ بکەی، ئەگەر نەتتوانی دەست بدەیە چەك ئەوە دەبێ قسە بکەی و بڵێی: ئەو خەڵکە زوڵم و زۆرداری لەنەتەوەکەم

---

(٤) ئەو فەرمانە چەند جار لە بوخاری دووبارە بویتەوە، بروانە: فتح الباري: بەرگی: ١١ لاپەڕە: ١٤٩و١٥٢و ١٦٢).

(٥) (بوخاری، بروانە: فتح الباری ٢١٦/١١ و ٦١/٦) .

(٦) موسلیم، بروانە شەرحی نەوەوی لەسەر موسلیم ٢٢/٢ چاپی (دار التراث الاسلامي).

دەکەن، ئەگەر نەتتوانی قسەش بکەی ئەبێ لە دڵەوە ئەو زوڵم و داگیر کردنەت پێ ناخۆش بێ، ئەوە کەمترین بەرووبومی ئیمانە، کەواتە ئەوانەی دەبنە لای داگیرگەران و لە دژی نەتەوەی خۆیان ڕادەوەستن بە زمان یا بەدڵ یا بەدەست، بە پێچەوانەی ئیمان و ئیسلام کار دەکەن و کارەکەیان نارەوایە و، هەنجەت و بیانووەکەیان قەبووڵ نییە.

٤- هەروەها دەفەرمووێ:

(لقد شقيتَ إن لم أعدل)[٧].

یانی: بەڕاستی تۆ گومڕای ئەگەر من دادپەروەری نەکەم یا دادپەروەر نەبم، چونکە یاوەر و یارمەتیدەری منی، هەر کەس یاوەر و یارمەتیدەر بێ بۆ نادادپەروەران گومرایە، کەواتە ئەو کەسانەی دەبن بە یاوەرو یارمەتیدەری داگیرکەرانی نەتەوەکەی خۆیان گومڕانە، چونکە داگیرکەر ستەمکارە ودوورە لەدادپەروەری .

٥- هەروەها دەفەرمووێ:

(من حمل علينا السلاح فليس منا، ومن غشنا فليس منا)[٨].

یانی: هەر کەسێك چەکمان لەدژ هەڵبگرێ لە ئێمە نییەو، هەرکەسێك فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نییە.

کەواتە: هەر کەسێ چەك بۆ دوژمن هەڵبگرێ لەدژی نەتەوەی خۆی ئەوە لەو نەتەوەیە نییە و بە زۆڵ و بیژی دائەندرێ، هەروەها هەر کەسێك فێڵ لە نەتەوەی خۆی بکات بۆ ئەوەی بیخاتە ناو دوی دوژمن، جا جاسوسی لەسەر بکات یا ڕێگا و شوێنی بەدوژمن نیشان بدات، یا یارمەتی دوژمن بدات بەهەر جۆر.

٦- بەڕائی کوڕی عازیب ﷺ دەفەرمێت: (پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا حەوت شت بکەین و فەرمانیدا حەوت شتی دی نەکەین: فەرمانیدا، بچینە سەردانی نەخۆش و، لەگەڵ مردوو بچینە سەر قەبران، کەسێ پێبکژی بڵێن: خوا رەحمت پێ بکات، و کەسێ حەز بکات بچینە ماڵی و فەرموومان لێ بکات بچینە ماڵی، کەسێ سەلاممان لێ

(٧) (بوخاری، بڕوانە: فتح الباري: ٦/١٧٢، (شقيتَ بفتح التاء ضمير المخاطب).

(٨) (موسلم، بڕوانە: شەرحی نەوەوی ٢/١٠٨).

بكات وەلامی سەلامی بدەینەوەو، کەسێ ستەمی لێ بکرێ بچینە یاری...)[٩].

لێرە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە (کەسێ ستەمی لێ بکرێ بچینە یاری) کەواتە پێویستە بە فریای ستەم لێ کراو بکەوین، چونکە پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێداوە، کەواتە: ئەگەر نەتەوەیەك دەیویست داگیرتان بکات ئەوە ستەمەمتان لێ دەکات بۆیێ پێویستە فریای خۆتان بکەون .

کەواتە: ئەو جۆرە دەمار شلیە پێچەوانەیە لەگەڵ فەرمانی خوا و فەرمانی پێغەمبەرﷺ .

*__بەڵگەی عەقڵی:__*

هەروەها پێچەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندی و عەقڵیش، چونکە ئەو نەتەوەی جڵەوی خۆی وپاشەڕۆژی خۆی دەداتە دەست نەتەوەیێکی دی بۆ پاراستنی سەرو ماڵ، زیانی سەرو ماڵی پتر لێ دەکەوێتەوە، چونکە لەدوای تەسلیم بوون دەیکەن بەرەنجبەرو کرێکار لەسەر ماڵی خۆی و، هەرچی باشەو کاکڵە لە بۆ داگیرکەر دەچیێ، هەر پەلك و پاڵ و بەرماوەی بۆ دەمینێتەوە، کەواتە ماڵ پاراستنەکە دەبیێ بە پەلك و پاڵ پارستن .

هەروەها سەر پاراستنەکەش دەبێتە سەر لەدەست دان، چونکە کە تەسلیم بوو چەکی دەکەن، جاپاش چەك کردنی، خۆیان چەکی دەدەنێ بەشەرت و مەرجی خۆیان و، بەناچاری شەڕی پیێ دەکەن لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی نەتەوەکەی خۆی، ئەو کاتە ئەگەر شەڕیان بۆ دەکات دەینێرن بۆ خراپترین و سەخترین جێگاو، ئەگەر شەڕیشیان بۆ نەکات بەسەرپێچ و یاخی لەقەڵەمی دەدەن دەیکوژن . کەواتە سەریان سەلامەت نابێ، بۆیێ ئەو جۆرە نەتەوانە گەر بەعەقڵێکی کراوە تەماشای قازانج و زیانی پاشەڕۆژی خۆیان بکەن بۆیان ئاشکرا دەبێت ئەگەر سەریان بۆ نەتەوەکانی دی شۆڕ نەکردبایە زیانی سەرو ماڵیان کەمترە دەبوو .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

(٩) (بوخاری، فتح الباري: ٧٢/٥ و ٤٩٧/١٠ ).